www.kurdistannet.org
8-7-2006 2:16بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## یادگاری تاموو لەزەت ... ساردین



سنووری **سوورمان** پێجایەوە..
لە بوخچەیەکدا، هەڵمان گرد
خواستی خواستمان گەیاندە جێ
هەرگیز نابێمان سەراولێژکردو نامانە چاڵ،
نەشیاومان کرد بەشیاو،
گورک ومەڕمان بەیەک ناساند
ئاگرو ئاومان کرد بەدۆست
سەراو ژوورو، سەراو لێژمان یەکسانی کرد
ماسی بە خواستی گەیشت و
لە رووباری **سووردا** مەلەی کرد
ئای روحم... روحم
لە بەهشتا سەمای بەهشتا، سەمای کردو
شێوە ی دە روێشکی شێت زکری کرد
فرمێسکی تامی هەڵرێژی و
تونێتی بەهەشتی شکاند
گریان.... گریان... هەردووک گریاین
دوکەڵمان لە بەفر هە ڵساند
بەفرمان کرد بەخۆلەمێش،
کردمان بە خۆراکی گوڵە گەنمێک
ئەی حورێکەم،
ئۆکسجینی سییەکانم
ئەی هە ناسەم... بوونی بوونم
کە بازنەی **سوور** هەستی کرد،
بە تەوژمی خواستی لەزەت شەرم دایگرد
کەوتە سەرچۆک دەستی بە سینەوە گرت و
فەرمووی کرد
سووژدەی بۆ خۆاست و لەزەت برد
بوو بە شا یەدی پە یمان
بەڵێنی خواست و تام و هەست و لە زەت
گوڵە گەنم گیان،
تابوون هەبێ
تۆ لە بووندای.. لە بوونت دام
گەر تام و لەزە ت و خۆاست
لێیان شێواو سەراو لێژ بوون
پیت بە پیتیان هە لدەکۆڵم

**به قوڵایی خاکدا ده یان بەمه خۆرێ**

**ئای خۆاست و له زەت پەرستی**

**سپی تاکه حۆری سنوور بەزێن**

**بوونی شیاو، ئەی دۆستەکەی ئاگرو ئاو**

**پەری پێوه ر، دەروێشی شێت**

**شای گریان و تام و له زه ت**

**هه ناسه گیان**

**باڵا بەرزی بوونەوه ران**

**دۆستی نەخۆش،**

**خۆاستی خۆاستم**

**شای بچووکان**

**وەلێ بەردەوامین**

**له یادگاری تاموو له زه ت.**

**سوید**
Sardeen1997@hotmail. com